# كە نووسەر خۆی لێ وون دەبێ !

ئینسانەکان خۆیان بە دیهێنەری مێژووی خۆیانن ، بەلاَم نە بە دلَخوازی خۆیان و نە لە هەلَ و مەرجێك دا کە خۆیان هەلَیان بژاردوە ، بەلَکو ڕووبەڕووی هەلَومەرجێك دەبنەوە کە ڕاستەوخۆ لە ڕابردوو پێیان گەیشتووەو بۆیان ماوەتەوە . داب و نەریتی تەواوی پێشینان وەکو مۆتەکە گووشار بۆمێشکی زیندووەکان دێنێ . لە کاتێکا کە ئەم مرۆڤانە خەریکی نوێ کردنەوەی خۆیان و ژینگەی دەورو بەری خۆیان و بە دیهێنانی شتێکی بێ وێنەن ، دەقاو دەق لە خولەکانی قەیرانە شۆڕشگێڕانەکاندا ، بە کوڕنوشەوە پەنا دەبەنە بە ڕۆحی سەردەمی ڕابردوو ، بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان ، بۆ ناوەکانیان ، دروشمە جەنگیەکان و جل و بەرگەکانیان بە قەرز وەرئەگرن تا بەم ڕوالَەتەوە کە لە سەردەمی کۆنا پەسەندکرابوو بەم زمانە خوازراوە لە شانۆگەریەکی نوێ ی مێژووی جیهاندا ڕۆلَ ببینن . کارل مارکس

* * *

ئەم پەرەگرافەی مارکس بۆ ئەو سەردەمەی کە ئەم کتێبەی تیا نووسی تەنیا میسۆدێك نەبوو بۆ شی کردنەوەو نووسینەوەی مێژوو، بەلَکو مارکس لەم کتێبەدا ئەو میکانیزمانەش ڕوون دەکاتەوە کە هێزە کۆمەلاَیەتی و سیاسیەکان ، کەسایەتیەکان ، ڕۆشنبیرو ئەدیبەکان ، قەشەو مێژوو نوسەکان ، بۆ پەردە پۆش کردنی هەلَویستە کۆن و تازەکانیان دەیگرنە بەر بۆ سۆراغی بەرژوەندی تازە لە هەلَ و مەرجی تازەدا ، من خۆم لەو باوەڕەم ئەم میسۆدە و ئەم میکانیزمەی ئەو ئیشی لە سەر کردووە کۆمەکی هەر کەسێك دەکا کە بیەوێ بە چاوی ڕەخنەوە بڕوانێتە هەلَ مەرجی تازەی دروست بووی مێژووی تازەی کوردستان و عێراق .

شەڕی ئەمریکا و ڕووخاندنی حکومەتی بەعس نەك تەنیا حیزبەکانی کوردستانی خستۆتە بەردەم هەلَ و مەرجی تازە ، بەلَکو هەمموو چین و توێژەکانی خستۆتە بەردەم تاقی کردنەوەیەکی گەورە . چ پێش شەڕ چ دوای شەڕ، ئەوەندەی ڕۆشنبیران و ئەدیبەکان قسەی لە سەر دەکەن و هەلَوێستی لە سەر وەردەگرن ئەوەندە لیدەری حیزبە دەسەلاَتدارەکان هەلَوێست یان ڕەخنە یان پاکانەی بۆ ناکەن ، ئەم ڕۆلَەی ئەوان بە خۆیان دەیدەن و جێبەجێ دەکەن بۆ من شتێکی سروشتیە ، بەلاَم سروشتی نیە نەچینە شەڕی ئەو ئیشکالاتەی کە ئەم ڕۆلَ بینینە لە خۆی لوول داوە ، بێ دەنگی لە بەرامبەر هەر لۆژیکێکی ناڕەواو نیگەتیف کە ئەو ئەدیب و ئەو ڕۆشنبیرو ئەو قەلَەم بە دەست لە ژێر سێبەری ئەم ڕۆلَەدا جێبەجێ ی دەکا بە مانای هاوبەش بوونە لە گەورە کردنی ئەم ئیشکالاتە ، ئەگەر نووسەرێك خۆی کرد بە حاکم ئەوە کاری کەسی ترە کە بێداری کاتەوە ، ئەگەر نووسەرێك بە ئەنقەست یان بە هەلَە پێ لە هەست ی پانتایەکی گەورە لە ئینسانەکان دەنێ ، ئەوە کاری جیدی خوێنەرانە کە پێ ی بلَێن سەهوت کرد ، منیش لێرە ، وەکو نوسەرێك وەکو خوێنەرێکی بەرهەمی نووسەرەکانی تر ، دەمەوێ بە کاك (( خەتاب سابیر )) بلَێم سەهویەکی گەورەت کردووە !

بڕوا ناکەم ئەم نووسەرە لەوە کەمتر ڕازی بێ کە پێی نەلَێین نووسەرێکی باش ، بۆیە هەرکەسێك ئەدرەسی نووسەری باشی کردە ناونیشانی خۆی ، وا چاوەروان دەکرێ کە دلَێکی فراوان و جیهان بینیەکی گەورەو خۆشەویستیەکی بێ سنووری بۆ ژیان و بۆ ئینسان هەبێ ، بەلاَم بە پێچەوانەی ئەمەی سەرەوە ئەم نووسەرەمان چ لەو چاوپێکەوتنەی کە سایتی کوردستان پۆست لە گەلَی سازکردووە چ لە وەلاَمی ئەو ڕەخنەیەی کە دواتر لەم چاوپێکەوتنە گیراوە ، ئیشکالەکانی ئینتیمای فیکرو کردەوەی جیاواز بەو فیکرە قولَترو خەستر دەکاتەوە ، دیفاعێك کە ئەو لە خۆی دەکا بریتی یە لە ساز کردنی تەپ و تۆزێکی تازە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەسلَی باس و سازکردنی شەڕێکی تر لە کۆلاَنێکی تر ، من حەقم بەوە نییە ئەندامی کام حیزب ڕەخنەی لێ گرتووی ، حەقم بەوە نیە تۆ بە وێنەکێشانی چ جیاوازیەك لەم حیزبە ئیستیقالەت دا ، حەقم بەوە نییە چ بەرژەوەندیەکی تازە وات لێ دەکا بە پێچەوانەی ئەو ڕابردووەی وەکو کرێدیت بەکاری دێنی زمانت بگۆڕی و لە پەرەگرافی ئەم نووسین و ئەو نووسین تەراتێنی ئایدەلۆژی بکەی ، ئەوەندە دەزانم و لێ ی دلَنیام ئەو ڕاسیزمە بێ ڕتووشەیە کە لە حەماسی چاوپێکەوتنێکدا ، بە خیتابێکی بێ سنووری سەنعەتی دوژمن دروست کردن پەلاماری خەلَکی هەولێری پێ دەدەی ، تۆ دەلَێ ی :-

(( ئەوە بێ عەقلَییە ئێمەی کورد باجی حەماقەت بوونی نەجەفیەکان و کەربەلایی یەکان و فەللوجیەکان بدەینەوە ، دووسەد سالَی تریش عەقلَی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ناگەن بە عەقلَی <u>خەلَکی هەولێریش</u> چ جای بە عەقلَی خەلَکی سلێمانی ))

عەلی حەسەن مەجیدیش ، لە **1** ئابی **1988** ، دەلَێ : —

(( هەر عەرەبێك رەگەزی خۆی دەگۆڕێ بۆ کورد ، بۆ ئەوە وا دەکا کە خۆی لە سەربازی بدزێتەوە ، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە ، ئێمە چی بکەین لەوە ؟ باشە بۆ پارێزگای موسڵ بە کوردیان ناونوس دەکا ؟؟ ئێمە داوامان لێکردووە هەموو ئەو کوردانەی لە وێ دەژین دووریان بخەنەوە بۆ چیاکان بۆ ئەوەی لەوێ وەکو بزن بژین ))

تۆ بە هۆی ئەو ئیشکالە گەورەی تێ ی کەوتووی دەبی بە شەریکی کەلتورێکی زۆر بۆگەن و دژە ئینسانی ، عەلی کیماوی پێش ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفال خەریکی سڕینەوەی کوردبێ ، پێویستی بەوەیە پێشوتر لە مەدلولە ئینسانیەکان دابنگرێ و بیان خاتە پلەیەکی تری نزمترەوە ، تا لە وێ پلان ی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە باری عەمەلیەوە مەرجەکانی حازر ببێ ، تۆ شەریکی ئەم کلتورەی چونکە عەقڵی خەڵکی هەولێر لە موقارەنەیەکی سادەو منالانەدا لە چاو شارێکی ترا دائەگری بۆ ئاستێکی تر ، عەلی کیماوی هەردوو قۆناغەکەی جێ بەجێ کرد ، تۆ ئیمڕۆ تەنیا داگرتنی مەعنەویت لە دەست دێ ، بەڵام بروا ناکەم بە بەرداوم بوونت لەم ڕێچکەیەی هەڵتبژاردووە ، کەسێك هەبێ لەمەودوا زەمانەتی ئەوە بکا لە داهاتوو تۆ تەنیا بە کزەی جەرگ فەرامۆشیت دێ بە تایبەتی کە دوور نیە عێراق لە چەرخی 21 دا ببێتە لوبنانی هەشتاکانی چەرخی بیست .

وەك لە سەرتادا ووتم نووسەری باش خۆشەویستیەکی گەورەی بۆ ژیان و دونیای ڕەنگاو ڕەنگ هەیە ، سهراب سپهری شاعیر دەڵێ :— خەڵکی کاشانم

*ڕەنگە نەسەبم بچێتەوە سەر گیایەك لە هیندستان*

*بچێتەوە سەر قاپێکی قوڕین لە خاکی سیەلك*

*ڕەنگە نەسەبی من بچێتەوە سەر سۆزانیەکی شاری بوخارا*

ئەم جیهان بینیە قووڵە ئەم خۆشەویستیە بەرینە بۆ ئینسانی بوونی ژیان لە گشتێکی پڕ لە مانادا ، لە لۆژیکی کاك خەتابدا قەت جێگای نابێتەوە ، ئاخر ئەو موعاناتی زۆرە ، نەك تەنیا لەبەر عەرەب ، بەڵکو لە بەر ئەوەی وەکو کوردێکیش دەبێ تەحەمولی خەڵکی هەولێریش بکا کە هێشتا بە قیاسە ئەفلاتونیەکانی ئەو زۆر لە دواوەی خەڵکی سلێمانین ، کاك خەتاب موعاناتی زۆرە چونکە دەبێ خۆی خەریك بکات بە حازر کردنی وەڵامێکی بەڵگەدار بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەوحیزبەی ئەو کاتی خۆی لێ ی ئەندام بووە ئێستاش برایەکی خۆی هەر لێ ی ئەندامە حیزبێکی فاشیە ، ئەم نووسەرەمان ڕێك بۆ ئەوەی زانستی بوونی پەرەگرافەکەی مارکس بسەلمێنێ ، لە وەڵامی ڕەخنەیەك کە لێ ی گیراوە زۆر تووڕە دەبێ و خۆی لی٘وون دەبێ و بە پەلەقاژە دەوری کەسێکی تر دەبینێ ، وەکو ژەنەراڵێك ، وەکو ( ئەیاد عەلاوی ) دەیەوێ ئەحکام عورفی بە سەر سایتی ((دەنگەکان )) یش فەرز بکا کە چۆن تا ئێستا بەرهەمی حیزبێك بڵاودەکاتەوە کە هیچ نین و سوك و ڕیسوان لە کوردستان . لە سەر ئەم میسۆدی ئەم نووسەرەمان بێ دەبێ بە پێچەوانەی ئەم حیزبە ئەو خۆی بەلای کەمی لەلایەن خەڵکی کوردی دانیشتووی ئوستڕالیا چ وەك نووسەر چ وەکو ئینسانێکی باش زۆر خۆشەویست بێ . وا چاوڕوان دەکرێ بە پێچەوانەی ئەندامانی ئەو حیزبە ، بە پێچەوانەی خەڵکی دواکەوتووی هەولێر ئەم نووسەرەمان لە ئوستڕالیا هەرچی مەسەلەی گەورەو بچوکی ژیانە لە نێو کۆمیونیتی کوردی هەر لە فڕینی پەپولەیەکەوە بگرە تا دەگاتە کێشەی فیکری و سیاسی بە دەیالۆگ و قسەی شیرین کۆتایی پێ هێنابێ ، ئەم قەزاوەتە بە جێدێڵین بۆ کوردەکانی دانیشتوی ئوستڕالیا .

نووسەر بوون لێپرسراویتێکی گەورەیە ، کە ناکرێ باری ئیشکالاتی گەورەو تەناقوزاتی گەورەی لەسەر شان بار بکەی ، ناکرێ لە کەرکوك لە ڕیزی پێشەوەی مەراسیمی یەکی ئاياری لایەنێکی چەپ دابنیشی کە زۆربەی لافیتەکانی بە زمانی عەرەبی نووسراوە ، لە سەرچناری سلێمانیش کزە لە جەرگت بێ و تەحەمولی دشداشە لە بەرێك نەکەی کە لەترسی کوشت و کوشتارو تیرۆر و نەمانی ژیان لەوێ پەنای هێناوەتە کوردستان ، من پێم وایە کاك خەتاب بۆ دۆزینەوەی خۆی لەم ئیشکالاتە گەورەی تێ ی کەوتووە دوو ڕێگای لە پێشە و سێیەمی نی یە !

1- یان دەرگای خۆ بە چەپ زانین بە یەکجاری داخە و ڕەوانەی ڕابردووی بکە ، بۆ ئەمەش کۆمەکیەکی گەورە بە خۆت ئەکەیت و لە ئیشکالات و موعانەتەکانی خۆت کەم ئەکەیتەوە ، بە تایبەتی موعاناتی ئەو ناوە عەربیە قورسە(( **خطاب صابر** )) کە لە زمانی کوردی ناسك کراوەتەوەو کراوە بە (( خەتاب سابیر )) ، چونکە گومانم نیە 1/3 ئومەی عەرەبی ناوی خەتابە و لە هەولێریش هەرچۆن ڕێ بکەی شانت بە شانی سابیر ناوێك دەکەوێ ، لە بەر ئەوە دەتوانی بیگۆڕی بۆ نازناوی ( بابان کوردستانی ) کە هەم وەڵامی ئینتیما و بەرژەوندیەکی تازەیە ، هەم غروری ڕاسیستانەو منالانەو لووت بەرزیە بێ مانایەشت تێر دەکا کە موقارەنەی ئەم شارو ئەو شار دەکەی .

2- یان وەکو نووسەرێکی بوێر ، پەشیمان بوونی خۆت ڕابگەیێنەو بڵێ بمبورن سەهوم کرد .

2004/7/10

سەرچاوەکان :-


1- هەژدەی برۆمێر ، کارل مارکس .

2- دەنگی پێ ی ئاو ، سهراپ سپهری ، وەرگێڕانی/ ڕێبوار سێوەیلی

3- عەلی کیمیاوی دەدوێ ، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ، ل 5 ، ژمارە 316 ، 1998

4- ڤیدیۆ تێپی ئاهەنگی 1ئایار لە کەرکوك ، 2004 .

5- ئەو وێنانەی لە دوای گەڕانەوەت شێواندتن ، **عمر خطاط ،** دەنگەکان

6- نامەیەکی کراوە بۆ دەنگەکان ، خەتاب سابیر ، دەنگەکان .